# دەقی قسەکانی خەیاڵ ئیبراهیم نوێنەری یەکگرتووی رزگاری ژن لە عێراق بە بۆنەی 8ی مارسەوە لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

لە سەرەتادا پیرۆزبایی ئەم جەژنەتان لێدەکەم، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەوانەی خەباتدەکەن لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا دەخوازم .

من خەیال ئیبراهیمم، لە لایەن یەکگرتووی رزگاری ژنەوە لە عێراق ، ئەمڕۆ ئەمەوی هەواڵی کێشمە کێش و دەرد مەینەتی و دەردەسەریەکانی ژنانی عێراقتان بۆ باس بکەم . ئەوەتان پێ بڵێم کە ملوێنان ژن و کچی عێراق بە دەستی نەبوونی ئاسایشەوە دەناڵێنن .

ئێمە ئەوە دەزانین کە هەڵاواردنی جنسی یەکێکە لە تایبەتمەندیە دیاریکراوەکانی جیهانی ئەمڕۆ، ئەم هەڵاواردنە تەنها پەیوەست نابێتەوە بە کۆمەڵگە دواکەوتووکانەوە کە ڕژێمە کونەپەرستەکان خۆیان داسەپاندووە بەسەر ژیانی خەڵکدا، بەڵکو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش دەگرێتەوە، سەرەڕای جیاوازی بە پێی ئستاندارده جیاوازەکانی باردۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەو کۆمەڵگەیەدا .

لە عێراق دا، جەنگی ئەمریکا و کێشمە کێشی نیوان هەردوو جەمسەری تیرۆریزم، مەبەستم تیرۆریزمی ئەمەریکا لەلایەکەوە و تیرۆریزمی ئیسلامی و پاشماوەکانی بەعسە لەلایەکی ترەوە، کە ئەوزاعی ژنانی زۆر بەرەو خراپی بردووە .

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکوتی ژنان باڵا دەستی ئیسلامی و دەستەو تاقمی قەومیەکانە لەکۆمەڵگەدا، ئەمە بووەتە هوی پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافەکانی ژنان لە میانەی پیادەکردنی هەڵاواردنی جنسی لە دژی ژنان لەوانە، لەو ناوچانەدا کە ئیسلامیەکان باڵادەستن، داسەپاندنی حجاب و جل وبەرگی ئیسلامی بەسەر ژنان و کچانی منداڵ و ، چەند ژنە، ڕێگەدان بە ئیزدواج کردن لە گەڵ چوار ژندا و لە هەمان کاتدا, ناچار کردنی کچانی ژێر 9ساڵە بە شوکردن لە پیاوانی بە تەمەندا...ئەمەو چەندان پێشێل کاری بۆ سەر مافەکانی ژنان لەوانە مافی کارکردن و هاتو چۆ سەفەر کردن قەدەغە کردنی بەبێ چاودێرێکی نێرینە ، مافی هەڵبژاردنی شۆینی نیشتەجێ بوون و مافی هەڵبژاردن هاوسەر وخۆشەویست ، مافی جیابوونەوە و پاراستنی منداڵ نەبوونی باخچەی منداڵان ....ئەمانە تەنها نمونەیکی کەمن لە لێسەندنەوەی ئینسانیەت و کەرامەتی ژنان .

لە کاتی نارەزایتی دەربرین و خەباتی ژنان دا ڕوو بەڕووی ناشرین ترین شێوەی سەرکوت دەبنەوە، لەوانە ئیهانە و ئازاردان و هەتا کوشتن . کوشتن لە سەر شەرەف خراپترین و ناشرین ترین تاوانە بە حەقی ژنان دەکرێن و ئەم کارە لەلایەن کەسە نزیکەکانی ژنەوە بە دڕندانە ترین شکڵ ئەنجام دەدرێت لە ژێر سایەی ئیسلامی و قەومیە کۆنەپەرستە کاندا . تاوانبار بەزۆری کەس وکاری ژنە کوژراوەکەیە ڕوبەڕووی کەمترین سزا دەبێتەوە و هەتا هەندی جار بەرەڵا دەکرێت سەرەڕای ئەو تاوانە دڕندانەیەی پێ هەستاوە .

لە ژێر دەسەلاتی سەدام حسین دا،شێوەی جۆراو جۆر لە تەوهین و سەرکوتی ژنان پیادە دەکرا ، لە کەتایی دەیەی نەودا سەدام دەستی دایە "حەملەی ئیمانی " کە سەدان ژنیان تێدا کوشت، ئەمە بەشێك بوو لە سیاسەتی تازەی وە بەکار بردنی یاساو شەریعەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگەدا بوو.

ئەمڕۆ پێشێلکردنی مافەکانی ئینسان لە ژێر باڵادەستی ئیسلامیەکانداو یاسا عەشیرەتی کانیاندا بەردەوامە، شەریعەی ئیسلامی قانونە و ئیسلامیەکان دەیانەوی بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا زاڵ بکەن، کاری پێدەکەن بە پشتیوانی و رەزامەندی ئەمەریکا .ئەمەریکا ئەم کۆیلایلاتیە تازەیەی ژنان ناو دەنێت دیموکراسیەت، دەڵێت ئەمە هەڵبژاردنی عێراقیەکان خۆیانە!!. لە ڕاستیدا ئەمە هیچ پەیوەندیەکی نیە بە هەڵبژاردنی ملێونان ژنەوە .

شەریعەت یاسایەکی کۆنەپەرستە و 1400 ساڵ پێش ئیستە دانراوە بۆ باڵا دەستی پیاو بەسەر ژندا . ئەمڕۆ ئەم شەریعەتە لە خزمەت ئیسلامی سیاسیدا بەکار دەبەن بۆ حوکم کردنی کۆمەڵگە . بۆ نمونە لە کەنەدا شایەدی هەوڵی جدین بۆ ڕاکێشانی شەریعە و جێبەجێ کردنی بەسەر هەموو ئەو ژنانەدا کە پێیان دەڵێن ئیسلام .ئەمڕۆ شەریعەتی ئیسلامی خەتەرێکی جدییە دژی ژنان .

سەرەڕای هەموو ئەمانە ژنانی عێراق خاوەن مێژوویەکی خەباتکارانەی دوورو درێژن لە پێناو یەکسانی و رزگاریاندا . خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادی بەهێزو زیندوە، و بەشێکە لە بزووتنەوەی رزگاری و بزووتنەوەی سکۆلاری لە عێراقدا وبەشێکە جیانەبووەوەیە لە بزووتنەوەی رزگاری ژنانی جیهان .

ئێمە ئەمڕۆ شان بەشانی ئەم خەباتە لە گەڵ گشت رێکخراوە فیمینستیە جیهانیەکانی تر و ئەوانەی عاشقی ئازادین ، چی پیاو یا ژن درێژەبەم خەباتە دەدەین .

بانگەوازی ژنانی عێراق دەکەین بۆ خەبات لە پێناو جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن و دامەزراندنی حکومەتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی کە ژنان وەك هاوڵاتی یەکسان لە گەڵ هەموو هاوڵاتیان تردا بناسێت.

بەم بۆنە گرنگەوە ، داوای پشتیوانی ئیوە دەکەم .من باوەڕم وایە ئازادی ژن ڕەمزی ئازادی هەموو کۆمەڵگەیە بەتەواوەتی .

جارێکی تر پیرۆزبایتان لێدەکەم ، بژی ڕۆژی جیهانی ژن_ بژی ئازادی و یەکسانی .

زۆر سوپاس